# من و مامۆستا جەمال تاهیر

من لە ساڵەکانی 1965دا, مامۆستا جەمال تاهیرم ناسی, ئەم پیاوە قارەمانە وەکو پیاوێکی تێکۆشەرو نیشتمان پەروەر دەهاتە بەرچاوم, پیاوێکی خاوەن ڕەوشتی بەرزو قسەخۆش بوو لەگەڵ خەڵکدا لەماوەی دەسەڵاتیدا زۆر خۆی ماندوو دەکرد بۆ خەڵکە نیشتمانپەروەرەکە ماوەیەکی زۆر لێی بێ ئاگا بووم, لەدەرەوە جارجار خەبەریم دەزانێ کە هەربەردەوامە لە ئیش و کاری سیاسی. مامۆستا لەناو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو.

ساڵی 1966 لەدوای بەیانی (29)ی حوزەیران ئێمە لەگەڵ مامۆستا جەمال زۆر لەیەك نزیك بووین, زۆر ئیشمان بەیەکەوە دەکرد, ئەوکاتە من ئامر هێزی شارەزوور بووم, ئەویش لە سنووری هێزەکەی مندا کاری سیاسی دەکرد, زۆر سەرکەوتوو بوو لەئیش و کارەکانیدا, لەدوای بەیانی (11)ی ئازاری 1970 کە بە ڕەزامەندیی جەنابی مەلا مستەفاو باڵی مەکتەبی سیاسی پێك هاتین. من لەگەڵ شەهیدانی نەمر ئیبراهیم ئەحمەدو کاك عومەر دەبابەو کاك عەلی عەسکەری و برای بەڕێز مام جەلال لەسەرداوای جەنابی مەلا مستەفا چووینە قەسرێ, ماوەیەك لەوێ ماینەوە من لەبەهاری ساڵی 1972 لەسەرداوای بارەگای بارزانی بە پێشنیاری خوالێخۆشبوو کاك فەتاح ئاغا وە ڕەزامەندیی برادەرانی خۆمان, بەتایبەتی شەهیدانی نەمر ئیبراهیم ئەحمەدو کاك عومەر دەبابەو کاك عەلی عەسکەری و برای بەڕێز مام جەلال گەڕامەوە بۆ هێزی خەبات, واتە ناوچەی تەوێڵەو بیارە دوای ماوەیەك, داوایان لێکردم کە بگەڕێمەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ, چونکە ناوچەی قەرەداغ بەدەستی حکومەتی عێراق و پیاوەکانییەوە بوو. جارێکی تر من لەقەرەداغ پەیوەندیم لەگەڵ شەهیدی نەمر مامۆستا جەمال تاهیر-دا پەیدا کردەوە, چەندین نامەمان لە نێواندا بوو بۆ ئیش و کاری پێویست, دوای هەرەسیش کە هەموومان گەڕاینەوە بۆ کوردستانی عێراق, چەند جارێك مامۆستا جەمال تاهیر-م لەڕێی عەبدولرەحمان-ی کوڕمەوە بینی چونکە عەبدولرەحمان-ی کوڕم ئەو کاتە لێپرسراوی پێشمەرگەی ناوشار بوو, ڕۆژانە کاك جەمال تاهیر-ی ئەدی, دوای ئەمانەش ئاگامان لەیەکتر بوو بۆ ئیش و کاری ناوشار, چونکە من ئەوکاتە ئیش و کارم بۆ بەڕێز مام جەلال ئەکرد لەناوشاردا, بەئاگاداری برای بەڕێز کاك عومەر فەتاحو دکتۆر خەسرەو خاڵ و کاك حەمە چاوشین و کاك مەحمودی مەلا عزت. ئەم پیاوە تێکۆشەرە, واتە مامۆستا جەمال تاهیر بەبێ ترس شەووڕۆژی خستبووە سەریەك بۆ ئیش و کاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕێکخستن ئەوەبوو من لەمانگی 4ی/ 1982 گیرام, لە ئەمنی سلێمانی دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕۆژانە هەرچەند ئەیانبردم بۆ ئەشکەنجە باسی ئەوەیان دەکرد کە جەمال تاهیر ئیعتیرافی لەسەرتۆ کردووە کە تۆ چویتەتە توژەڵەو چاوت کەوتووە بە جەلال تاڵەبانی و ئیش و کار بۆ ئەوان دەکەی, منیش لەهەموو شتەکاندا حاشام لێدەکرد, جەماعەتی ئەمن وایان باس دەکرد کە تۆ چۆن جەمال تاهیر ناناسی, واتە مامۆستا سەرکەوت منیش پێم وتن من لەدەرەوە ئەیناسم, زۆر جاریش پێیان ئەوتم تۆ چی دەزانی لەسەر مامۆستا جەمال تاهیر, منیش ئەموت هیچ نازانم, ئەوکاتە زانیم کە مامۆستا جەمال تاهیر گیراوە. ڕۆژانە ئەمن و ئیستیخبارات بەردەوام بوون لەسەر ئەشکەنجەدانمان, تاکو ڕۆژی 17ی تەمموزی 1982 کە ئێمەیان برد بۆ سجنی عام لەسلێمانی, واتە من و خوالێخۆشبوو کاك ئەحمەد عەبدوڵلا کوردە, مامۆستا حەمەرەحیم, قادر مەنمی, حاکم عەزیز لەوێ دەستو چاویان کردینەوە, یەکترمان ئەدی لە سجنە گەورەکەدا, بەبێ ئەوەی بتوانین تەماشای یەکتر بکەین و قسە لەگەڵ یەك بکەین دوای دوو ڕۆژ ڕەئیس عرفایەکی ئەمن هاتە لامان لە سجنی سلێمانی زەرفێکی نایلۆنی فڕێدایە ناوسجنەکە وتی (یاللە کلکم زینوا واغسلوا) وەبەڕێوەبەر ئەیەوێ بتانبینێ, ئێمەش دەستمان کرد بە ڕیش تاشین و

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

جل شتن بەئاوی سارد, هەرچەندە جلەکانیشمان ڕزی بوون, بۆ ئێوارەکەی هەموومان بانگ کراین بۆ لای مدیری ئەمن, زۆر قسەی کرد لەگەڵمانا بەتوندو تیژی, وتی من دەزانم ئێوە ئەم شارەتان تێك داوە, بەلاَم (سید الرئیس) عەفوی کردوون بۆئەوەی خۆتان چاك بکەن.

بابەهەموو لایەکمان خزمەتی عیراق بکەین, ئێستا ئێمە لەگەڵ ئێراندا شەڕمان هەیە, (سید الرئیس) ڕەحمی پێ کردوون, هەرکەسێ بەناوی خۆمانەوە وتمان هیچ نین‌و هیچمان نەکردووە, ئەو ڕازی نەبوو بە قسەکانمان بە مامۆستا جەمال تاهیر-ی وت (انت مو جمال گاهر) (مامۆستا سەکەوت) وە قسەی لەسەر هەموومان کرد, هەریەکەی بەناوێکەوە, بەلاَم ئێمە ئەمانویست دەرگاکەمان لێ بکەنەوە ئەوەبوو ئێوارە بەریان داین, بەپێی پەتی‌و سەری ڕووتی کردینیانە سەرجادە, کە دەستمان لە تەکسی ڕادەگرت نەدەوەستان بۆمان, وایان دەزانی ئێمە شێتین, تاکو (صناعە) هەر بەپێ ڕۆیشتین لەوێ پیکابێکمان دەست کەوت‌و سواربووین لەدواوە من‌و کاك جەمال تاهیر و کاك ئەحمەد عەبدوڵلاَ ماڵەکانمان لەیەکەوە نزیك بوو, ئەوە بوو دوای سێڕۆژ ئاگاداری کاك ئەحمەد عەبدوڵلاَو مامۆستا جەمال تاهیر-م کرد من ئەچمە دەرەوە, ئەوانیش وتیان ئێمەش ئەمانەوێ خۆمان کۆبکەینەوەو بێینە دەرەوە, بەلاَم ئەوان پێیان باش بوو هەرسێکمان بەیەکەو بچینە دەرەوە, بەلاَم من لەچەند لایەکەوە خەبەریان دامێ, بەڕێز مام جەلال خەبەری بۆ ناردم بە بورهانی کوێخا حسێنی هەنارانداکە ئەبێ بە زووترین کات بێیتە دەرەوە, منیش لەگەڵ شەهید عەبدورەحمان و ئەرسەلانی کوڕم‌و چەند خزمێکدا وازمان لەهەموو سەروەت‌و سامان‌و خێرو خۆشی ماڵ‌و منداڵ هێناو چووینە دەرەوە. واتە مانگی 1982/8 تاکو ئێرە ئەوە بەسەرهاتی منە لەگەڵ شەهیدی نەمر مامۆستا جەمال تایەر, دوای ماوەیەکیش چەند جارێك لەناوزەنگ یەکترمان دی لەسەرکردایەتی.

بەلاَم بەداخەوە لەیەك دابڕاین‌و پاش ماوەیەك بیستم کە شەهید بووە بە کارەساتی ئۆتۆمبیل.

**حەمەی فەرەج**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com